# کاتی دیدار، یەکدی دەبینین

**کتێبی پینجەم**




رۆز لاگرکڕانس

وەرگێڕانی لە زمانی سوێدییەوە: ڕەحمان سۆفی

ساڵی ٢٠٢٠ی زایینی

# بەشی ١

پشووی هاوین تەواو بوو. سەرەتای پایز بوو. قوتابخانە کرابووەو. وەختی ئەوە بوو، دانێ بچێتە پۆلی دووەم. دانێ و نەنکی بە ڕێی قوتابخانەوە بوون.

نەنکی گوتی«دانێ! ئێستا ئەوندە گەورە بووی لە پۆلی دووەم بخوێنی»

دانێ باوەڕی نەدەکرد ئەوندە گەورە بووە.



بەڵام ڕۆژی دووەم دانێ لەگەڵ پۆلەکەی ڕاهات. ئەودەم وەختی ئەوە بوو پۆلەکەیان بچێ بۆ باخی ئاژەڵان. چونکە پۆلی دووەکان بەرنامەیان وایە. بەڵام دانێ وای هەستدەکرد هەرگیز لە پۆلێکی دیکە نەبووە بێجگە لە

پۆلی دووەم. باوکی بە هۆی ڕووداوەی ترافیکەوە سێ مانگەی هاوین لە نەخۆشخانە کەوتبوو.



ئێستا هاتبووەوە ماڵێ. دکتۆر گوتبووی ئەو لاقە شکاوەی جێی خۆی ناگرێتەوە. بەڵام ئەوەی بۆ دانێ گرینگ بوو، ئەوە بوو کە باوکی هاتبووەوە ماڵێ. لە خانووە زەردەکەی خۆیان لە شەقامی «هوومە» ئەوە هۆیەک بوو تا دانێ لە ژیانی خۆیدا هەست بە بەختەوەری بکا.

باوکی بۆ شێو ماکارۆنی دروست کردبوو.



وەختی خەویش چیرۆکی بۆ دەگێڕاوە.



دوایەش شەوباش، شەوباش و خەو خۆش.«ئامۆرە» یانی خۆشەویستم. لە ئیتالیا کاتی خەوتن بە یەکدی وادەڵێن. باوکی دانێ بە ئەسڵ ئیتالیاییە.

شەوی ئەوەڵ بوو کە «گیانی»باوکی دانێ هاتبووەوە ماڵێ. هەموو شتێک بەو جۆرە بوو کە دانێ دەیویست. ئەگەر ئەوە لە بەر چاو نەگرین کە دانێ پێخۆش بوو بۆ جاری سێیەم باوکی لە ئامێز بگرێ. بەڵام باوکی گەرەکی بوو تەماشای یاری فووتباڵ بکا. ئیتالیایەکان تیمی فووتباڵی چاکیان هەیە. تیمی «جوڤێنتوس»یان تیمی «ناپۆلی»هەروەها تیمی«میلان»



ئێستاش تیمی میلان یاری دەکرد. باوکی دانێ لایەنگری تیمی میلان  بوو. دیارە باوکی دانێ دەیویست تەماشای یاری تیمە خۆشەویستەکەی خۆی بکا. دانێ دەبوو لەوە تێبگا! دوای چەن چرکە دانێ بە پادزە چوو کە جارێکی دیکەش باوکی لە ئامێز بگرێ. دانێ چووە ژووری دانیشتن. باوکی دەنگی تەلەڤزیونەکە ی کەم کردەوە. بەڵام بە تەلەفۆن قسەی دەکرد. کە دانێی بینی، سەری سوورِما. قسەکەی بڕی و پرسی«تۆ نەخەوتووی؟»

## کاتی دیدار، یەکدی دەبینین – بەشی ٢

بەیانی زوو باوکی دانێ تۆشەی ڕێگای بۆ خستە چانتاکەیەوە. تا درگای حەوشە دانێی بەڕێکرد. گوتی«دانێ گیان بە خێرچی، لە باخی ئاژەڵان خۆش ڕابوێری» ئەوەی گوت و دەستی بۆ تەکاندا. دانێ پشتاوپشت ڕۆیی دەستی بۆ باوکی ڕاوەشاند. نەیزانی چۆن خۆی کوتا بە ستوونی داربرقەکەی بەر درگادا.



دانێ شڵپ کەوت بەعەرزەکەدا. باوکی بە شەلەشەل چوو بۆ لای و پرسی«بریندار نەبووی؟»

دانێ چاوی لە باوکی کرد و گوتی چوار دەست و پێ هەستاوە و «نا،هیچ نییە هێدی بە» ئەو دەیویست دیسان پشتاوپشت بڕوا، بەڵام باوکی پێشی لێگرت و نەیهێشت.



باوکی گوتی«دانێ دژی ئەوە نیت کە وێڕا دوای کارەکەی سەرێکمان لێ بدا» باوکی مەبەستی لە وێڕا ئەو پەرستارە بوو کە هاوین لە نەخۆشخانە لەگەڵێ ببووە دۆست.

دانێ پرسی«بۆچی سەرمان لێبدا؟»

باوکی گوتی«ئەو گەرەکییە شێوێکی خۆشمان بۆ سازکات»

دانێ گوتی«پێویست ناکا تۆ خۆت خواردنی زۆر خۆش دروست دەکەی»

قسەکەی دانێ دروست بوو، باوکی لە خواردن سازکردندا بێ وێنەیە.

به تایبەت دروست کردنی «سپاگێتی» هەمان ماکاڕۆنی. باوکی لێ پاڕاوە

«دانێ گیان فەرمووی وێڕا بکە!» دانێ مۆڕەیەکی لە باوکی کرد. یانی تێناگەم بۆ ئەوکارەبکەم! بە چەشنە بایداوە بەرەو پێش بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە ڕۆیی.



## کاتی دیدار، یەکدی دەبینین - بەشی ٣

کاتێک دانێ گەیشتە قوتابخانە، هەموو هاوپۆلەکانی لە حەوشە بە ڕێز وێستابوون. مامۆستاکەیان خەریکبوو سەبارەت بە ڕێسای گەشتەکەیان قسەی بۆ دەکردن.



مامۆستا گوتی«هیچ کەس بۆی نییە سەرەڕۆ لە پێشەوە ڕاکا و لەوانی دیکە ونبێ. ئەگەر هاتوو واپێشهات ...»

کەمێک بێدەنگ بوو، و بە مۆنییەوە تێیڕوانین. پرسی «ئەودەم مرۆڤ چ دەکا؟»

کوودەن دەستی هەڵێنا و گوتی«دەپەشۆکێ»

ماموستا گوتی«نا، هەڵەی. مرۆڤ لەو جێیەی کە پۆلەکەمان لەوێ  وێستابووین، دەوێستێ و چاوەڕوانی دەکا، تا کەسێک دێ بە دوایدا» هەموویان بە ئەرێنی سەریان دانەواند.

ماموستا گوتی«دەی با بڕۆین!»

هەموویان بە دوای یەکدا ڕیزیان بەست و ڕۆیشتن بۆلای ئۆتوبووسەکە.




ماموستا گوتی«مرۆڤ لە شوێنی خۆی دەوێستێ، هاتوو ماوەیەکیشی پێچوو، دەبێ سەربر و تامڵی هەبێ». دیسان هەموویان بە سەر تەکاندان گوتیان بەڵێ.

هاوپۆلەکانی دانێ دەیانزانی چۆن بەدوای یەکدا ڕیزببەستن. هیچ کام لە پۆلەکانی دیکە وەک ئەوان نایەنەوە. دەست لە نێو دەستان ڕێکەوتن.



شۆفیری باسەکە باوکی کوودەن بوو. ئەوان شەریکەی ئۆتۆبووسرانییان هەیە. کوودەن ئیجازەی بوو لەسەر سەندەڵێیەکەی لادەستی باوکییەوە دانیشێ. بۆشی هەبوو لەباتی باوکی بە بڵنگۆ قسە بکا. ئەودەم کە باسەکە

کەوتەڕێ کوودەن لە بڵنگۆوە گوتی«هەموولایەک بە خێر هاتن. ئێستا لە گەڕەکی«سۆلنا»وە تێپەڕ دەبین و لێدەخوڕین بەرەو سکانسن»

کوودەن لەسەر قسەکردنی خۆی بەردەوام بوو. ئۆتۆبووسەکە کەوتە سەر گەورە جادە. لە پارکی ئاژەڵانی ستۆکهۆلم ورچی زەرد و گورگی بۆرت بە

چاوی خۆت دەبینی. هەر وەها خانووی کۆنی لەمێژینەت تەماشا دەکرد.




هەموو قوتابییەکان واقیانوڕ مابوو کە کوودەن ئاوا ڕەوان و جوان قسەی دەکرد.

لە هەوەڵەوە گەشتەکەیان بە خۆشییەوە تێپەڕ کرد. پێکەوە گاڵتەیان دەکرد، بە کۆڕ گۆرانییان دەگوت. بەڵام «یوناتان» حاڵی تێکچوو بەدوای ئەودا ئەوانی دیکەش هێڵنجیان هاتێ. کوودەن کیسەی پلاستیکی بە هەموویان دا ئەگەر هاتوو ڕشانەوە. . .



بەڵام بەختیان یاربوو، زوو گەیشتنە جێگا و لە باسەکە دابەزین.



# بەشی ٤

لە پێشدا تەماشای چەن خانووی کۆنیان کرد. ئەو خانووە کۆنانەیان لە شار و گوندەوە هێنابوو بۆ باخی ئاژەڵان. بەڵەدەکیان کە جەل و بەرگی ئەو سەر دەمەی لەبەر کردبوو، خانووێکی نیشان دان و گوتی «ئەم خانووە کە دەیبینن سەردەمی خۆی قوتابخانە بووە. ئەو سەردەمە نەکاغەز هەبووە و نەقەڵەم. منداڵان دەبوو لەسەر لەوحی گڵی بنووس و بە پەنجەی کەروێشک پاکی کەنەوە» دوایە بۆ ئەوەی منداڵانی پۆلەکە تێگەیەنی لەوحی گڵی نا بەر دەستیان و پەنجەی کەروێشکی هێنا و نیشانی دان.

ویکان گوتی تۆبڵێی چۆنبێ لە جێگای کەسێک دانیشی کە سەت ساڵ لەوە پێش ئەلێرە دانیشتووە!

بنەنی گوتی «ئەرێ بیرلەوە بکەوە کە لێرە دانیشی و لێتبەربێ!»

میکان قیژاندی بەسەریدا «ئێمە لێمان بەرنابێ».لەوانەبوو لەوحەکە بدا بە سەریدا و پانیکاتەوە.

ئەمجار ویکان نەڕاندی ئێمە هەرگیز لێمان بەرنابێ.



هەڵس و کەوتی ئەوان وایکرد کە بەڵەدەکیان بە تووڕەییەوە ئاماژەی کرد و گوتی «ئێستا ئێمە تەنیا بیر لەوە دەکەینەوە کە بزانین ڕابردوو چۆن بووە!

ئەودەمە ئەگەر منداڵ گوێڕایەڵ نەبوایە، بەشووڵە تەڕ دارکارییان دەکردن.

مامۆستاکەی خۆیان گوتی «دەتانەوێ تاقی کەنەوە!»

منداڵان کاتێک ئە قسانەیان بیست، ئاقڵ و بێدەنگ دانیشتن.



دوایە ڕۆیشتن بۆ تەماشای ئاژەڵان. گورگی بۆر، بەرازەکێوی و سەگاوکیان بینی.

پێش ئەوەی بچن بۆ تەماشای ئاکڤاریوم  دانیشتن و بابۆڵەیان خوارد.



لە ئاکڤاریومەکەدا بیجگە لە ماسی، قربۆق، جاڵجاڵووکە و ماریشی تێدا بوو. چەن مار پەپۆکەیان دابوو، تێکهاڵا بوو.



هەندێک دوورتر لە وان، ئاژەڵڤانێک مارێکی «boa»ی بەدەستەوە بوو کاتێک ئەوانی دیت گوتی«وابزانم کەس نییە بوێرێ دەست بەپشتی ئەم ڕەزا سووکەدا بێنێ!»

پۆلەکە بێدەنگ مانەوە. بەڵام لە نێو منداڵەکاندا دەنگێک هات. دانێ بوو گوتی«بۆچی نا، من دەوێرم!»

هەموو هاوڕێکانی بەسەر سامییەوە ڕوانیانە دانێ!

ئاژەڵڤانەکە گوتی «فەرموو»

دانێ چووە پێشەوە، بەئەسپایی دەستی بە مارەکەدا هێنا. هەستی پێکرد کە وەک مەخمەر نەرمە، بەڵام وشکە.

ئاژەڵڤانەکە گوتی «ئافەریم. کەسی دیکە دەیەوێ تاقی کاتەوە؟»

هیچ کەس نقەی لەوە نەهات.

ئاژەڵڤانەکە گوتی«کەوایە من دانێ بە بوێرترین قوتابی ناوزەد دەکەم»

هاوپۆلەکانی دانێ هەموویان سەریان لەقاند، بێجگە لە ویکان و میکان.

ئەودەمەی دانێ ڕۆیی کە تەماشای مەیموونەکان بکا، ویکان و میکان سەرە ڕێیان لێگرت. ویکان لچی لێ هەڵقورتاند وگوتی«مەێە بۆ ئێرە! تۆ بۆتنییە تەماشای ئێرە بکەی»



دانێ پرسی «لەبەر چی بۆم نییە؟»
میکان گوتی«لە جیاتی ئەوە بڕۆ لە ئاوێنەدا تەماشای خۆتکە»

دانێ کەوتە بیرەوە. باشە بۆ وایان پێگوت! ڕەنگە پێیان وایە دانێ لە مەیموون دەچێ. ئەگەر وابیربکەنەوە خۆیان هەڵەن و نەفامن. دانێ مەیموونی خۆش دەوێ. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە خۆی وەک مەیموون وایە. ناونیتکە لە مرۆڤ هەڵدان نەفامییە. وابزانم مەیموونەکانیش نایانەوێ چەشنی مرۆڤی وەک ویکان و میکان بن. هەموو زیندەوەرێک پێیخۆشە وەک ڕەسەنی خۆی بێ. کاتێک دانێ دڵی پڕ بوو، بوغزیکرد و

فرمێسک بەر چاوەکانی لێڵکرد. بای داوە بۆ لای ئاکڤاریومەکە لە وێ دوورکەوتەوە.



## کاتی دیدار، یەکدی دەبینین – بەشی ٥



دانێ بە پەلە دەڕۆیی. پاهەڵکەوت و کەوت بەسەر قازێکی قەڵەودا کە بە خۆڕاژەندن دەڕۆیی. هەستاوە و هەنگاوەکانی هێوەر کردەوە و هێدی بە دوای قازەکەدا دەڕۆیی.

دانێ لەوەپێش چەن کەڕەت لەگەڵ نەنکی و باوەگەورەی چبووە باخی ئاژەڵان. بەتایبەت ئەودەم کە لەلای نەنکی و باوەگەورەی دەژیا. کاتێک دایکی مرد، باوکی ئەوندە حاڵێ خراپبوو،نەیدەتوانی سەرپەرشتی دانێ بکا. بۆیە نەنکی و باوەگەورەی سەرپەرشتی ئەویان گرتە ئەستۆی خۆیان. ئەوان هەوڵیان ئەدا بە هەر لەونێک بووە نەهێڵن دانێ هەست بە ناخۆشی بکا. هەموو ڕۆژانی یەکشەممە دانێ یان لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆ باخی ئاژەڵان. جا، بۆیە دانێ هەموو ئاژەڵکانی ئەوێی بینی بوو. بەڵام ئەو قازە

قەڵەوەی نەدیبوو. قازەکە ڕەشبەڵەک بوو. سەردەندووکی تۆزێک سوور بوو.

دەستەیەک گەڕۆکی ژاپۆنی داوایان لە دانێ کرد کە لەگەڵ قازەکە بوێستێ ئەوان وێنەیان لێ بگرن.



کاتێک ژاپۆنییەکان وێنەگرتنەکەیان تەواو بوو، هەردوو دەستیان نا بە سینگیانەوە و چەمانەوە و سپاسیان لە دانێ کرد و بەستەیەکیان نوقڵێ ژاپۆنی دا بە دانێ.



قازەکە ملی ڕێگای گرت و بەخۆ ڕاژندن دوورکەوتەوە. دانێ بە خۆی گوت ئەی هاوپۆلەکانم کوان؟ بەرەو کوێ ڕۆیشتوون؟ نەکا ونیانکەم!

دانێ هەروەک «کوودەن» گوتبووی پەشۆکا. بەڵام قسەی مامۆستاکەی وەبیر هاتەوەکە گوتبووی

«هەرکەس لە پۆلەکە دابڕا، لەو جێگایە بوێستێ کە دواین جار لەگەڵ هاوپۆلەکانی بووە!»

## کاتی دیدار یەکدی دەبینین – بەشی ٦

دانێ بە هەڵاتن گەڕاوە بۆلای ئاکڤاریومەکە. هاوپۆلەکانی لە وێ نەمابوون. دانێ چووە دەرێ و ڕوانییە دەوروبەری خۆی.لە خۆی دەپرسی بۆ کوێ چوون؟



پڕشنگی خۆرەتاو وڵاتی گەرم کردبوو. ڕۆژێکی گەرمی پایزی بوو. وێدەچوو هاوین گەڕابێتەوە. ڕەنگە بۆ ئەوەی بە گەرمی خواحافیزی بکا. دانێ ئارەقی نێوچاوانی سڕی و خۆی دابەرسێبەری دارێکی بنڵند. لەوێوە ئاکڤاریومەکەی لێ دیار بوو. بەڵام بۆ ئەو گرینگ ئەوە بوو کە نەپەشۆکێ. ئارام و لە سەرخۆ لەوێ وێستا تا کەسێک بێ بەدوایدا بگەڕێ.


Solen gassade. Det var höst,
men den här dagen verkade det som
om sommaren hade kommit tillbaka
bara för att ta ett riktigt varmt farväl.
Dunne torkade sig i pannan och ställde
sig i skuggan av ett träd. Där hade hon
god utsikt över Akvariet.
Nu gällde det att inte få panik igen
utan vänta lugnt tills någon kom och
letade efter henne.
Man måste ha tålamod,
hade fröken sagt.

مامۆستاکەی گوتبووی«مرۆڤ دەبێ سەبر و تامڵی هەبێ» دانێ نوقڵێکی ژاپۆنی خوارد. لە زەینی خۆیدا دەیگوت:

«ڕەنگە بەزووی یەکێک لە هاوپۆلەکانی بپرسێ کوا دانێ؟. مامۆستاکەیان بڵێ کێ دواین جار دیویە ؟ ویکان دەستی هەڵێنێ و بڵێ من و میکان بڵێ ئەودەمەبوو کە دانێ دەیویست تەماشای مەیمونەکان بکا. ئێمە لاتاومان پێدادا. ویکان بڵێی بەڵام گاڵتەمان لەگەڵ دەکرد. مامۆستاکەیان دەڵێ زۆر قسە مەکە ڕاکە بە دوایدا

بگەڕێ! دوایە ویکان و میکان پەیدای دەکەن و داوای لێبووردنی لێدەکەن»

کەچی هیچ کەس نەهات بەدوایدا!کەس لە فکری ئەودا نەبوو. دانێ نوقڵێکی دیکەشی خوارد و بە دوودڵییەوە هەوڵی دا بیر لە شتێکی دیکە بکاتەوە. بیر لە ئێلا فڕیدا بکاتەوە ئەو دۆستەی کەماڵیان باریکرد بۆ «نۆرشۆپینگ» خێرا هەستی کرد کە تۆزێک حاڵی باشترە! دانێ هەردەم بیر لە ئێلا فڕیدا دەکاتەوە خۆشحاڵ دەبێ. نوقڵە ژاپۆنی تامی خۆش بوو. یەکی دیشی خوارد، یەکی دی، چوارەمی و پێنجەمیشی خوارد. دووبارە ئارەقی نێوچاوانی سڕێ. بەڵام هیچ ڕووی نەدا.

ئەوندەی پێنەچوو، چەن قەڵەڕەشە لە سەر تیکەیەک پەنیر بە قڕە قڕ بەگژ یەکدا چوون و پێک هەڵپڕژان. دوای چەن خوول پیرەژنێک پەیدا بوو. لە دانێ تووڕە بوو و گوتی«ئەو شتانەی لێرە فڕێت داون کۆیان کەوە!» دانێ بەقسەی پیرەژنەکەی کرد. بەڵام لە بەرخۆیەوە دەیگوت «چەن ناخۆشە سەبر و تامڵت هەبێ» بەڕاستی وەڕەز بوو. نوقڵەکانیشی تەواو بوون. کەچی شتێک ڕوویدا. پۆلێک قوتابی بە زرمەزرم لەودیوی لێژەکەوە

پەیدا بوو. بەڵام هاوپۆلەکانی دانیێ نەبوون. پۆلێکی دیکەبوو. منداڵەکان بە قیژە و هەرا دەڕۆیشتن.





دانیێ لە دڵی خۆیدا دیگوت «من پیم خۆش نییە لەگەڵ ئەم پۆلەبم» بۆیە هۆشی بە خۆیەوە بوو، بە ڕێگای خۆیدا بڕوا و ئاگای لە خۆی بێ. گەرەکی بوو خۆی لە وان لادا. بەڵام چاوی بە کچێک کەوت، لەبەر چاوی لە ئاشنا دەچوو. ئەو کچە وەک ئەوانی دیکە نەدەڕۆیی بە ڕێدا. ئەو . دوو هەنگاوی دەنا و بازێکی ئەدا. هەنگاویدوایەش هەر وا. دانیێ تەنیا کەسێکی دەناسی. ئاوا بڕوا بەڕێدا. دوودڵ بوو ئەوە، ئەو نییە؟ نا پێموانییە خۆیبێ!کەچی یەکبەخۆی زریکاندی «ئێلا فڕیدا!» کچەکە ڕەپ ڕاوێستا. تا چاوی بە دانیێ کەوت لە خۆشییان قیژاندی!



بەرەو باوشی یەکدی باڵیان گرتەوە. دانێ بە خۆشییەوە پرسی«ئەوە تۆ لێرە چی دەکەی!»

ئێلا فڕیدا گوتی«لەگەڵ هاوپۆلەکانم هاتوین بۆ گەشت»

دانێ گوتی«منیش هەروا لەگەڵ هاوپۆلەکانم هاتوین بۆ باخی ئاژەڵان»



ئێلا فڕیدا کەوتبووە گومانەوە. پرسی«ئەی هاوپۆلەکانت کوان؟»

دانێ هاتەوە سەر خۆ و گوتی«گوم بوون. یان نا، من ئەوانم گومکردوە»

ئێلا فڕیدا گوتی«باش ڕێکەوت یەکدیمان پەیدا کرد! یاری چی بکەین؟»

ئەو دوانە تا یەکدی دەبینن ئێلا فڕیدا دەپرسێ«یاری چی بکەین؟»

دانێ تێداما‌بوو. چۆنی وەڵام بداتەوە! چونکە لە پڕێکدا وا ڕێکەوت. ئێلا فڕیدا هەڵبەز دابەزێکی کرد و گوتی«وەرە با خۆمان بشارینەوە!»

دانێ دوودڵ بوو. پرسی«دەتوانی؟ ئەی ئەگەر مامۆستاکەت پێتبزانێ!»

ئێلا فڕیدا گوتی«گوێمەدەیە، ئەو هەرگیز پێنازانێ. مەگەر هاوپۆلەکانم پێنەزانن کە لە ڕیزدا نەماوم!»

دانێ پێکەنی، تۆ دەڵێێ ڕیزی ئەوان؟

چوار پێنج کوڕ زۆرانیان دەگرت، کەوتبوون بە سەر یەکدا. وەکوو ماری ئاکڤاریومەکە تێکهاڵابوون. کاتێک مامۆستاکەی پۆلی نورشۆپینگ پەیدا بوو و چوو کوڕەکانی هەستاندەوە.

ئێلا فڕیدا توند باوشی کرد بە دانێ دا و گوتی«ئێستا کەس نامان بینێ. ئامادەی؟» بەبێ وەڵامی ئەو کەوتە ڕێ.



دانێ چی بکردایە. لەگەڵ باشترین دۆستی خۆشەویستی بڕۆییبایە یان بە قسەی مامۆستاکەی بکردایە و هەر لەوێ بوێستایە؟

دانێ بڕیای دا کە لەگەڵ دۆستە ئازیزەکەی بڕوا. فکری هەموو شتێکی وەلا نا و لەگەڵ دۆستە خۆشەویستەکەی ڕۆیی.



## کاتی دیدار یەکدی دەبینین – بەشی ٧

ئێلا فرِیدا و دانێ هەر جارێک یەکدییان دەبینی، کایەیەکی خۆشیان بۆ خۆیان دادێنا. ئەمجارە بە هەڵاتن چوون بۆ لای ئەوخانووە کۆنە وا سەر دەمێک قوتابخانە بووە.

لەوێ شانۆگارییەکیان بۆ خۆیان ساز کرد. ئێلا فرِیدا دەوری مامۆستایەکی سەختگیری دە گێڕا. دانێ دەوری قوتابییەکی دەگێڕا کە دەرسەکانی نە خوێند بوو. مامۆستاکە بە شێوەی زەمانی زوو لە قوتابییەکەی پرسی «٧٨ کەڕەت ٨٩ دەکاتە چەند؟»



دانێ نەیزانی وەڵامی بداتەوە، مامۆستاکە بە خەتکێش پەنجەکانی دانێی دارکاری کرد.



دوایە دەبوایە دانێ بەقەستی بگری. دانێ ئەو دەورەی باش بینی. بەگریانی دانێ پاسەوانی قوتابخانەکە پێیزانی و هات درگاکەی کردەوە و گوتی «منداڵینە ئەوە خەریکی چین؟»

دانێ لە ناکاو بێدەنگبوو.

ئێلا فڕیدا گوتی«خەریکین کایەدەکەین. ئەو کچە وادەنوێنێ کە دەگری»

پاسەوانەکە سەری ڕاوەشاند و گوتی «بەڵێ، وایە»

ئێلا فڕیدا گوتی«ئەی نابینی!» ئەوەی گوت و دانێی لە باوش گرت.

پاسەوانەکە ڕۆیی. بەڵام لەو دیوی درگاکە خۆی ماتکردبوو. دوایی هاتەوە و پرسی«کچەکان! ئێوە ئەوکچەتان نەدیووە، کە لە هاوڕێکانی دابڕاوە و ونبووە»

ئێلا فریدا گوتی«نەخەیر، نەمان دیووە»

پاسەوانەکە وازی هێنا و ڕۆیی.

ئێلا فریدا گوتی«ئێمە باشترین دۆستی یەکین»

دانێ گوتی«ئێمە باشترین دۆستی دنیاین» دانێ ئەم وشەیە زۆر بەکاردێنێ دەڵێ «ئەم وشانە لە زار خۆشترن»



هەردووکیان لەوێ ڕاوێستان و تەماشای پاسەوانەکەیان دەکرد. دوایی ئێلا فریدا ئاوڕی داوە بۆلای دانێ و

پرسی«زانیت بۆ ئەم گوت نا، گوتم نەخەیر. چونکە لەزەمانی زوودا وایان دەگوت»

## کاتی دیدار یەکدی دەبینین -بەشی ٨

خۆبەخۆ کایەکە تەواو بوو. ئەوانیش داوی چەن چرکە خانووە کۆنەکەی قوتابخانەکەیان بەجێ هێشت. دانێ هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی «نیگابانەکە لەگەڵ منی بوو»

ئێلا فڕیدا بەرپەرچی داوە و گوتی«ڕەنگە واش نەبێ»

نیگابانەکە گوتی «هەموو ڕۆژێ زۆر منداڵ لەم باخی ئاژەڵانەدا وندەبن. بۆ نەتان بیستووە؟»



دانێ، گوتی «هەموو ڕۆژێ؟»

نیگابانەکە گوتی «بەڵێ، یان ڕۆژێک نا ڕۆژێ»

ئێلا فڕیدا پرسی «باشە، ئەی چییان بەسەر دێ؟»

نیگابانەکە گوتی «بەردەبنەوە، نێو کونەورچەکان. مەگەر پێیان نەگوون؟

دانێ کەوتە بیر کردنەوە. نا، مامۆستاکەمان گوتی «ئەگەر ونبوون، وا باشە لەوجێیە بوێستن کە لە پۆلەکاتان دابڕاون»

ئێلا فڕیدا گوتی«تۆش واتکرد؟»

دانێ گوتی «بەڵێ»

ئێلا فڕیدا گوتی «کارێکی دروستت کردووە»

دانێ گوتی«ئێستا دەبێ هەرچۆنێکبێ بگەڕێمەوە»

ئێلا فڕیدا پێ خۆش نەبوو.گوتی «لە پێشدا هەندێکی دیش کایەبکەین»

دانێ گوتی «چۆن چۆنی؟»

ئێلا فڕیدا گوتی «دەڵێ چی بەدوای گەنجینەدابگەڕاێن؟»

دانێ وەڵامی نەداوە

ئێلا فڕیدا پرسی«گوێت لێ نەبوو من گوتم چی؟»

دانێ گوتی«بەڵێ، بەدوای گەنجینەداگەڕان. بەڵام . . .»

ئێلا فڕیدا گوتی «بەڵام ناوێ»

دانێ پرسی «لێرەگەنجینە هەیە کە بە دوایدا بگەڕێن؟»

ئێلا فڕیدا گوتی«هەر ئێستا نا، دەبێ خۆمان چاڵیکەین، وەرە با بڕۆن!»

بەڵام دانێ دژی ئەوەبوو.گوتی«من تێناگەم ئەوە چییە چاڵی کەین؟»

ئێلا فڕیدا گوتی «باشترین شتی کە هەمانە»

دانێ گوتی «دەی ئەوە چییە؟»

ئێلا فڕیدا گوتی «بە خۆمانەوەیە، هەستی پێناکەی!»

دانێ دەستی برد بۆ گیرفانەکانی و مشتێکی کاغەزی نوقڵی دەرهێنا.

ئێلا فڕیدا دەستی برد بۆ نیوە ملوانکەزێوەکەی و گوتی «من مەبەستم ئەمانەیە. نیوەکەی دیکەی لای خۆتە».



دانێ سەری ڕاوەشان، هەموو بەیانییەک ملوانکەی لە مل دەکرد. تا شەو کاتی خەو لە ملیدا بوو.

دانێ گوتی «هەرگیز لە ژیانمدا لە خۆمی دوور ناخەمەوە».

ئێلا فڕیدا وازی نەهێنا و گوتی «واخاترجەمە چاڵی کەین. بۆی هەیە یەکمان لەتەکەی خۆی گوم کرد ئەوکات چی دەبێ؟»

دانێ گوتی «ئیدی من ئەوە نازانم»

ئێلا فڕیدا گوتی «دۆستایەتییەکەمان لە نێو دەچێ. وادیارە تۆ بیرت لەوە نەکردووەتەوە!».



دانێ بەڕاستی بیری لەوە نەکردبوەوە. ئێلا فڕیدا چاوەکانی لێکنا و گوتی« دەتەوێ ئەو ریسکە بکەین؟»

دانێ بێدەنگ بوو تا ئەودەمە گەیشتنە گەڕەکی کەڵە کێوییەکان. لە وێ وێستا بۆ ئەوەی تەماشای ئەو کەڵەکێوییە بکا کە لە سەر ئەردەکە کەوت بوو. وادیار بوو کز و خەمبارە. دوایە لە بەر خۆیەوە گوتی «ئاسان نییە پاشای دارستان بی و بتکەنە کەڵەکێوی باخی ئاژەڵان!»


بەڵام ئێلا فڕیدا دەمێک بوو ڕۆیی بوو. دانێش بەپەلە بە دوایدا ڕۆیی. لە دڵی خۆیدا دەیگوت بەڕاستی بۆ کوێ؟ ئێلا فڕیدا گوتبوو دەڕۆین بۆلای تەپەی ورچەکان.

ئەگەر ملوانکەکانمان لەوێ چاڵکەین ورچەکان ئاگایان لێ دەبێ. دانێ لەبن لێوەوە گوتی «بەڕاستی یان ئەوەش کایەیە!»

ئێلا فڕیدا بە هەڵاتن دەڕۆیی. دانێش بە شێنەیی بە دوایدا. تا گەیشتنە تەپەی وەچەکان. بەڵام ورچەکان لە وێ دیار نەبوون. تۆ مەڵێ چبوونە کونەکانیانەوە خۆیان فێنککەنەوە. ئێلا فڕیدا گوتی «وەرچەکان وەکوو کەڵەباب سەرخەو دەشکێنن».

دانێ گوتی «دەبوو بیانگوتایە وەرچەخەو».

ئێلا فڕیدا گوتی «بەڵێ دەکرێ» دوایە هەندێ تێڕاما و سەرنجی دایە لێژی مەڵبەنی وەرچەکان. گوتی «لەم لێژە سەرکەوتن کێشەیە. من پێم وایە بڕۆین بۆ لای مەڵبەندی گورگەکان.



ئێلا فرِیدا گوتی «ئەوانیش گورگە خەو دەکەن» گورگ ناتوانێ کەڵەشێرە خەو بکا.

ئێلافرِیدا گوێی نەدایە،چونکە نیگابانەکەی باخی ئاژەڵانی لێدیار بوو. بە ئاماژەی دانێی تێگەیاند، «وامەنوێنە کە دیومانە». بەپەلە لەوێ رِۆین. کەچی نیگابانەکە بانگی کرد هۆ کچەکان؟  بەڵام ئەوان بەرِاکردن لەوێ رِۆین. دیسان بانگی کرد و گوتی «بۆم هەیە قسەتان لەگەڵ بکەم». بەڵام ئەوان نەوێستان. کەچی کاتێک ئاورِیان داوە، نیگابانەکە لە پشت سەریانەوە بوو.



هەریەک بەلایەکدا بۆی دەرباز بوون و خۆیان شاردەوە. کاتێک ویستیان پشوویەک بدەن بۆیان دەرکەوت لە جادەیەکی کۆندان کە پرِە لە دووکان. ئەو جۆرە دووکانە لە باخی ئاژەڵانیش هەبوو. هەر بە وجۆرە مرۆڤ لە جادەکانیش دەیبینی.
دانێ لە خۆیی دەپرسی «بەرِاستی بۆچی ئێمە رِادەکەین؟» دەنگی نیگابانەکە مێهربان بوو.



ئێلا فڕیدا گوتی «بۆیە ڕادەکەین چونکە ئەوە ڕۆڵی کایەکەمانە».

دانێ گوتی «ئەها بەڵێ تێگەیشتم. ڕاکردن لە هەموو کایەکانی ئێمەدا هەیە، بەڵام ئەمجارە وەک کایەکردن نەدەچوو».

ئێلافڕیدا بانگی کرد «دانێ وەرە!ئێرە ئەوجێیە بەدوای گەنجینەدا بگەڕێن».



## کاتی دیدار یەکدی دەبینین ــ بەشی ٩

ئێلا فڕیدا سەرنجی ڕۆیی بۆ باخێکی جوانی بچکۆلە. لە گۆشەیەکەوە، دێراوی گوڵی ڕۆز بوو؛ هێشتا پڕبوو لە گوڵ. ئێلا فڕیدا لە دڵی خۆیدا گوتی«ئەها، ئەلێرە باشە» لەتەسوالەتی گوڵدانەشکاوێکی هەڵگرت و بە خۆی گوت «ئا، ئەمە باشە لێرە چاڵێک هەڵدەکۆڵم و دەیشارمەوە»

دانێ پرسی «ئەی من چی بکەم؟»

ئێلا فڕیدا گوتی تۆ چاوەدێری بکە! ئەگەر نیگابانەکە هات پێم بڵێ.

دانێ گوتی «بەڵام ئاخر»

ئێلا فڕیدا گوتی«هەر ئەوەیە کە من دەڵێم»

دانێ ڕۆیی و لە قوژبنی دیوای خانووەکە خۆی ماتکرد.

ئێلا فڕیداش لە نێوانی دڕکی گوڵی ڕۆزەوە بە پادزرە ڕۆیی. دوای چەن چرکە هاواری لێهەستا، وەی وەی لەو دڕکە مرۆڤ کوژانە! دوایە بێ دەنگ بوو. بە چیچکانەوە دەستی کرد بە چاڵ هەڵکەندن. دوای چەن چرکە بە ڕەزایەتەوە سەری هەڵێنا و بانگی کرد «دانێ وەرە تەماشاکە!»

دانێش چوو پێش و چاڵەکەی پشکنی.و گوتی«جوانت هەڵکەندووە!»




ئێلا فڕیدا گوتی «بەڵێ،
ئێستا ملوانکەکانمان لە ملمان دەردێنین»زنجیری
ملوانکەی خۆیی کردەوە.
بەڵام دانێ هێشتا دوودڵ بوو؛ گوتی«نا، من نامەوێ
ملوانکەی خۆم چاڵکەم»
ئێلا فرێدا مۆڕەیەکی لێ کرد و گوتی«دەزانی گوتم چی»
دانێ گوتی«بەڵام من . . .»
ئێلا فڕیدا گوتی«بەڵامی ناوێ»



دانێ ملوانکەکەی لە ملی دەرهێنا و نابەدڵ دای بە ئێلا فڕیدا.بە ماناوە چاویان تێکبڕی!

ئێلا فڕیدا نیوە ملوانکەکەیی نا ژێرخاک. هەردووک لەتەکەی وادانا کە شکڵی دڵێکی تەواوی پێکهێنا.



ئێلا فڕیدا ئەوەی دەیویست بیکا کردی. دەیویست بڵێ کایەکەمان تەواو بوو، بەڵام هیچی نەگوت. چاڵەکەی وەک مەزارێکی پیرۆز پڕکردەوە و گوتی

«دانێ بە دوای مندا بڵێ! دڵی ئازیز ئارام بگرە!»

دانێ گەروویی خاوێن کردەوە و گوتی«دڵێ ئازیز ئارام بگرە!»دەنگی داوە.

ئێلا فڕێدا دوعای بە سەردا خوێند«ئێستا هیچ کەس ناتوانێ لێکمان جیاناکاتەوە»

دانێش دووپاتی کردەوە«ئێستا هیچ کەس ناتوانێ لێکمان جیاکاتەوە»

ئێلا فڕیدا بەردەوام دەیگوت«مەرگیش ناتوانێ لێکمان جیاکاتەوە»



لە وە زیاتر فریا نەکەوتن. دەنگێکی کێوی لە شەقامی ڕایچڵەکاندن.

ئێلا فڕیدا گوتی «دانێ بڕۆ بزانە چییە»

دانێ بە هەڵاتن چووە قوژبنی دیوارەکە و تەماشای دەوروبەری کرد. لە شەقامی«کوولرستێن»ەوە پۆلی قوتابیانی نۆرشۆپینگ بە غاردان دەهاتن.

منداڵان بەڕاکردن دەچوونە نێوی خانوو، و ئەمبارەکان و دەهاتنەوە دەرێ. ئێلا فڕیدا چووە پێشەوە و تەماشای کرد. لەخۆیی دەپرسی«ئەوە چییە کە بەرەو پیریانەوە هاتووە؟»

## کاتی دیدار یەکدی دەبینین – بەشی ١٠

لەو کاتەدا کە ئێلا فرِیدا دەیڕوانی، کچێکی پەلکەدرێژ هات بەرەوپیری و قیژاندی«ئا، خۆیەتی، پەیدام کرد»



ئێلا فرِیدا گەڕاوە، بەڵام کچە پەلکە درێژەکە بەڕاکردن چوو بە دوایدا و لە پشتەوە توند گرتی. هاوپۆلەکانی دەوریان گرتن. ئەوانی دیکەش خۆیان گەیاندێ. وەک ئەوەی کە دزیان گرتبێ وەپێش خۆیاندا.



دانێ وەک پەیکەرێک وشک وێستا بوو. لەگەڵ چاوی بە نیگابانەکە کەوت، هەڵات بۆ نێو باخچە کە لە نێوان پنچکە گوڵدا خۆی وەشارێ.درکی گوڵ لەشیان ڕووشاند و جلەکانی دڕان. بەڵام ئەو خۆی وێکهێنا و لە سەرچۆک دانەوی و کڕ بوو. کەچی بەو حاڵەش نیگابانەکە پێیزانی. دانێش نیگابانەکەی بینی. جووتێ چەکمەی لە پێدا بوو، دەهات بۆ نێو دێراوەکان.گوتی «همم» ئەو همەی ئەو هەم مانی ئەرێی ئەدا هەم مانای نا. دانێ ناوێک بوو کە دایکی لە کاتی لە دایک بووندا لێی نابوو. چونکە ئەوندە چکۆلە و نەرم و شل بوو، بەڵام لەڕاستیدا ناوی «دانییەلا»یە. نیگابانەکە گوتی«گوێم لێنەبوو، گوتت چێ!»

دانێ گوتی«من ناوم دانییەلا یە بەڵام پێم دەڵێن دانێ»

نگابانەکە بەڕوو خۆشییەوەگوتی«بەڵێ هەر وایە، من لە تۆ دەگەڕێم وەرە با بڕۆین!بۆ لای مامۆستاکەت. یان نەکا دەتەوێ لێرە لە باخی ئاژەڵان لەلای ئێمە بمێنیتەوە؟»



نا، دانێ نایەوێ لە لای ئەوان لە باخی ئاژەڵان بێ. ئەو دەیەوێ بڕواتەوە بۆ ماڵی خۆیان بۆ لای باوکی.

دانێ گوتی«باشە لەگەڵت دێم. بەڵام دەمەوێ شتێک لە ژێر خاک دەرێنم. بچۆ بەولاوە ڕێگاکەمت گرتووە!»

نیگابانەکە چووە ئەولاوە. دانێ دەستی کرد بە چنگەکڕێ و بە پەنجە ئەردەکەی هەڵکۆڵێ و لەتە ملوانکەیەکی دەرهێنا. بەردەوام بوو تا لەتەکەی دیکەشی پەیداکرد و دەریهێنا.



ملوانکەی خستە گیرفانێ. نیگابانەکە گوتی«بەم زووانە تەواو دەبی؟ کەمێک بەپەلەین» ئەوەی گوت و بەئەسپایی دەستی بۆلای دانێ درێژ کرد. دانێش دەستە گەورەکانی ئەوی گرت لەگەڵی وەڕێ کەوت.



نیگابانەکە بە شەقاویگەورە و دانێ بە نەرمە لۆقە بەڵام خێرا خێرا. بەزوویی گەیشتنە نزیک پلیکانە برقیەکەی کە دەچوو بەرەو پەرژینی حەوشەی باخی گەورەی ئاژەڵان.



## کاتی دیدار یەکدی دەبینین ــ ١١

هیچ کەس ئێلا فریدای نەدی. کە بە پادزە چوو لە نێوان پەنچکە گوڵەڕۆزەکاندا خۆی شاردەبووە. ئێلا فرِیدا بەداوی گەنجینەکەیاندا کە خۆی لەوێ نابوویە ژێر خاک دەگەڕا. ئەو بە جۆرێکی دوور لە باوەڕ توانی بووی لە دەست نیگابانی باخی ئاژەڵان ڕابکا و دەربازبێ.




خۆیی کووڕ کردبووە و چوار دەست و پێ لە نێو ئەو بێشە دڕکاویەدا بە دەور گڕا. بەڵام ماندوو بوو و وازیهێنا. دووبارە هەستاوە سەرپێ و بانگی کرد. «دانێ ! لە کوێی؟» بەڵام هیچکەس وەڵامی نەداوە. دوونارە بانگی کرد دانێ وەرە! «دۆستایەتیەکەمان لە مەترسیدایە» بەداخەوە دانێ دیار نەبوو! ئەوە بە رێوە بوو بۆلای پەرژینی باخی ئاژەڵان. مامۆستاکەی لە بەر درگا چاوەڕوانی دەکرد.

## کاتی دیدار یەکدی دەبینین – بەشی ١٢

لە دوورەوە دیار بوو کە مامۆستا تووڕە بوو. ڕووی کردە دانێ و بەڕقەوە گوتی«ئەوە تۆ لە کوێ بوو؟»

دانێ ترسا. چونکە هەرگیز نەیدی بوو مامۆستاکەی لێی تووڕە بێ.

گوتی «ئێوەم لێ ون بوو»



مامۆستا قسەکەی پێ بڕی و گوتی«نا، وانابێ دوایی قسە دەکەین!»

قوتابیەکان سواری پاسەکە بوون و چاوەڕێ بوون. مامۆستا ئاوڕیداوە بۆ لای نیگابانەکە و گوتی«ببوورە بە

خۆم نەبوو تووڕە بووم. ئەم ڕووداوەیە بۆ مامۆستایەک گوورچوو بڕە. سەر حیسابی قوتابییەکانت دەبی دەبینی یەکیان دیارنییە. لەوانی دیکە دەپرسسی هیچکەس نازانێ لە کوێیە! ویکان و نیکان یش نازانن» مامۆستا دانێ ی ڕاگرت و گوتی«وانییە، ڕاست بڕۆ کاری ئەوانە؟»

دانێ وەڵامی نەداوە

مامۆستا ڕووی کردە نیگابانەکە و گوتی«زۆر سپاس بۆ یارمەتیەکەت»

نیگابانەکە گوتی «شایانی نییە، جا ئەوەچییە»پەلەبکەن بەجێ نەمێنن! مامۆستا باڵی دانێی گرت و بەپەلە ڕایان کرد بۆ لای پاسەکە. . .

کاتێک گەیشتن و سوار بوون، مامۆستا گوتی «فەرمون!ئەوە ئەم بەرخە ون بووەم پیدا کرد»

هەموو قوتابییەکان هوڕایان کێشا و چەپڵەیان لێدا. باوکی کوودەن گوتی«باش بوو پەیدات کرد! ئێستا لێخوڕم؟»

مامۆستا گوتی «بەڵێ لێخوڕە» دوای ئەو قسانە خۆی دانەواند و لەسەر سەندەڵییەک دانیشت و ئاماژەی بە دانێ

کرد و جیگایەکی بەتاڵی نیشان دا  کە ئەویش لە پەنایەوە دانیشێ. دوایی پرسی چی ڕوویدا. ویکان و میکان دەستیان لەم کارەدا هەیە؟»

دانێ تەنیا شانی هەڵتەکاند.

مامۆستا گوتی«وەڵامم بدەوە! چی پێشهات ڕاستییەکەی پێبڵێ!»

دانێ پێی لێنا و گوتی«ئەوان نەفامییان کرد، بەڵام هیچ نییە. ئەگەر وا نەبوایە من ئێلا فڕیدام نە دەبینی»

لە ودەمەدا زرمەیان لە درگا هەستاند باوکی کوودەن دەیویست باداتەوە بەڵام ڕایگرت و تەماشای مامۆستای کرد و پرسی دیسان بەرخێک دیار نییە؟ مامۆستا وەڵامی داوە، نا هەموویان لەگەڵن. بەڵام تکایە درگاکە بکەوە. درگا کراوە ئێلا فڕیدا بە گریانەوە خۆی هاویشتە نێو پاسەکەوە.

وشە وشێک لە نێو قوتابییەکاندا دەستی پێکرد.

ئێلا فڕید بەدەنگێکی گڕەوە گوتی «دەمەێ شتێک بە دانێ بڵێم»

بەڵام کە تەماشای دەوروبەری خۆی کرد و ڕوانینی قوتابییەکانی پۆلەکەی پێشووی خۆیی بینی ئەوەی دەیویست بیڵێ لە بیری چووەوە. بەڵام سڵاوی لە کوودەن و مێتبۆری کرد. دوایە دەستی بۆلای هەموویان ڕاوەشاند و ڕووی کردە مامۆستاکەی جارانی خۆی و پرسی «بۆم هەیە لەگەڵ ئێوە سوار بم؟»



مامۆستا گوتی«دۆستە چکۆلەکەم ڕێگاکەمان بۆ یەک شوێن ناچێ» لەوە زیاتر فریا نەکەوت نەفەرێک سواربوو. ئەویش مامۆستای پۆلی قوتابیانی نۆرشۆپینگ بوو. نەڕاندی ئێلا فڕیدا «ئەوە تۆ لێرە چدەکەی! » ئێلا فڕێدا وەبیری هاتەوە دەیویست چی بڵێ«دەمویست قسەیەک بە دانێ بڵێم»

مامۆستا گوتی«دەتویست دووبارە لە ئێمە دابڕێی و خۆت ون کەی؟»

ئێلا فڕێدا خۆی گرژ کرد، من خۆم ون نەکردووە. دەمبینی لێرەم مامۆستاکەی پۆلی قوتابیانی نۆرشۆپینگ لێوی وێکهێنا و گەلەیی لە خۆی کرد و گوتی«ئەمە دوو جارە لە ڕۆژێکدا ئەم کچە خۆی دەدزێتەوە. ئەم کچە شێتۆکەیە!»

مامۆستاکەی پێشوی بەرپەرچی داوە و گوتی«نا، وانییە. شێتۆکە نییە. تەنیا لاسارە، زەینی پڕە لە بیرۆکە»

مامۆستاکەی نۆرشۆپینگ هەناسەی هەڵکێشا و بە توندی پاڵی بە ئێلا فڕیداوە نا بۆ لای درگاکە. ئێلا فڕیدا بەرگری دەکرد و خۆی بە دانێ وە کە کە بە دوایاندا هاتبوو هەڵواسی.



ئێلا فریدا بە دەنگی گیراوی گوتی «دۆستایەتیەکەمان کەوتوەتە مەترسی!»

بەڵام مامۆستای نۆر شۆپینگ ئێلا فرِیدای لەگەڵ خۆی ڕاکێشا و بردی.

ئێلا فرِیدا قیژاندی«دانێ! کەی دووبارە یەکدی ببینین؟»

دانێ بەبێ ئەوەی بزانێ چۆن بەردەوام بێ وەڵامی داوە «یەکدی دەبینین»

کوودەن هەڵیدایە «هەر کاتێکبێ یەکدی دەبینن»

مامۆستای نۆرشۆپینگ ئێلا فرِێدای دا بنباڵی و وەک ئەوەی دارکاژی جەژن هەڵگرێ و فرِێئدا



مامۆستاکەی دانێ لە پەنجێرەکەوە تەماشای کرد. لەبەر خۆیەوە گوتی «ئەم حاڵە باش نایەتە بەر چاو»

دانێ ش تەماشای دەکرد. بەڵام حەزی دەکرد چاوی وێکنێ.

هەموویان تەماشای دەرێیان دەکرد.

کەچی ئێلا فڕیدا رۆیی. گەڕانەوەی سەفەرەکە بە بێدەنگی تێپەڕی.

وادیار بوو، مامۆستا ئیدی لە دانێ تووڕە نەبوو! گوتی «لە من وابوو تۆ لە خۆتەوە واتدەگوت. منی پیرە ڕێوی دەبێ زۆر شت لە ئەوە فێربم»

دانێ داچڵەکا.بەچاوی پرسیارەوە ڕوانییە مامۆستاکەی.

مامۆستا بۆ دانێی ڕوونکردەوە «ئەمە وتەی پێشینیانە»

دانێ کاس بوو، سەری ڕاوەشاند.

مرۆڤ کورتە واتای وای بۆ مەبەست زۆرە.

ئێلا فرێدا خەمبار بوو. دانێش لە دووری ئەو خەمبار بوو.

## کاتی دیدار یەکدی دەبینین – بەشی ١٣

کاتێ دانێ لە پۆلی دوو دەیخوێند، بە پێی دابی ئەو قوتابخانەیە لەگەڵ هاوپۆلەکانی چوو بۆ سەیرانی باخی ئاژەڵان. دوای ئەوەی گەڕانەوە، دانێ بە تەپلۆسی و هێدی ڕۆیەوە بۆ ماڵی خۆیان. دەبوو باوکی ببینێ لەگەڵ یەکدی بدوێن، بەڵام ئەوندە ماندوو بوو. تاقەتی هیچی نەبوو!



چووە ژوورێ قاقای پێکەنین لە ژووری دانیشتنەوە بە دەنگی شاد هاتە گوێی. باوکی و «ڤێرا» لە سەر مۆبلەکە دانیشتبوون قسەیان دەکرد و پێدەکەنین. باوکی بە زمانی ئیتالیایی گوتی «سیائۆ» دانێ! یانی سڵاو.



وادیار بوو لە کەیفی ئیتالیایی خۆیدا بوو. «ڤێرا»ش بە ڕووخۆشی سڵاوی لە دانێ کرد. دانێ تێکۆشا نارەحەتی خۆی نیشان نەدا. باوکی پرسی «دانێ دەتوانم لە ئامێزت بگرم؟»

دانێ چاوی کەوت بە مێزی ئاشپەزخانە دەتگوت بۆ جەژن ڕازاوەتەوە! لیوانی و دەسرەسڕی رەنگی لە سەر مێزەکە دانرا بوو. بۆن و بەرامەیەکی خۆش لە ئاشپەز خانەوە دەهات. ڤێرا پرسی«دانێ برسیتە» بەبێ وەڵامی دانێ هەستا و چوو بۆ ئاشپەزخانە و خواردنی بۆ دانێ هێنا. دانێ بە ماتی تێڕوانی و بە گومانەوە لە دڵێ خۆیدا ئەمە دەبێتە چی؟ باوکی گوتی «پەلەمەکە ئێستا دەیبینی!» لەودەمەدا ڤێرا بە دەورییەک گۆشی برژاوەوە هات.



دانێ ڕەشبین بوو. باوکی گوتی «ئەوە چییە لالووتی؟»
دانێ گوتی«من  بەچکە ناخۆم»

باوکی گوتی«بەچکە یانی چێ؟»

دانێ گوتی «جووجەڵە بەچکەی مریشکە، بۆ ئەوەنازنی!»

باوکی  گوتی «لە کەنگێوە تۆ جووجەڵە ناخۆی؟»

دانێ گوتی «لە پشوودانی هاوینەوە» دانێ و ئێلا فڕیدا سوێندیان خوارد چیدی گۆشت نەخۆن. بەتایبەت گۆشتی ئەو باڵدار و بەچکە ئاژەڵانەی کە گەشەیان نکردو و گەورە نەبوون. ئەودەمەی لە دوورگە میوانی دایکی ئێلا فڕیدا بوون ئەم سوێندەیان خواردبوو. بەڵام وادیار بوو لەماڵی دانێ دەبێ گۆشت بخۆی. باوکی گوتی «لە ماڵی ئێمە ئەو خواردنەی بۆت درست کراوە دەیخۆی»

دانێ هەوڵی دا باوکی ڕازیکا گوتی «ئاخر من و ئێلا فڕیدا. . . »

باوکی بە تووڕەییەوە گوتی «باستا»بە ئیتالیایی یانی وستبە

دانێ لێوی خۆیی گەست و خۆی دەخواردەوە.



دانێ ماوەیەک بوو نەدەگریا. بەڵام ئەمجارە بەخۆی نەبوو فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتەخوارێ. جاری واهەیە پێشدێی جار بە جار مرۆڤ دڵی پڕ دەبێ و دەگرێ. دانێ حەزی دەکرد نەگری.

باوکی ڕوانییە دانێ و گوتی «هەستە بچۆ پاک و خاوێن خۆت بشۆ! دەنا شەڕمان دەبێ»

دانێ بە تەمبەڵی چوو خۆی خاوێن کردەوە. بەڵام بەو حاڵەش وادیار بوو باوکی هێشتا ڕازی نەبوو. بۆیە پرسی «سپاسی ڤێرات کرد؟»

ڤێرا چەن حەفتە لەوەپێش دانێ و ئێلا فرِیدای لەگەڵ خۆی بردبوو بۆ لای خوشکەکەی کە ئەسپی ئیسلاندی هەیە.

دانێ ڕووی کردە ڤێرا و سپاسی لێکرد. باوکی گوتی «بۆمان بگێرِەوە گەشت و سەیرانەکەت پێ خۆش بوو یان نا؟»

دانێ گوتی«خراپ نەبوو»

باوکی نێوچاوانی گرژ کرد و گوتی«بۆ خۆش نەبوو!»

دانێ وڵامی نەداوە.گەشت بۆ لای خوشکی ڤێرا کە ئەسپی ئیسلاندی هەیە کارەساتێکە بوو، بەڵام باوکی ئاگای لەوە نەبوو.



## کاتی دیدار یەکدی دەبینین بەشی ١٤

بەم لەونەبوو:

کاتێک ئەوان چوون بۆ لای «لیزیتە» خۆشکی ڤێرا، لە ماڵ نەبوو. بەڵام مەسەلەیەک نەبوو! چونکە «ڤێرا»وا ڕاهاتبوو و دەزانێ چۆن لەگەڵ ئەسپەکان ڕەفتار بکا.

لیزیتە تازە ئەپەکانی لە مێرگ هێنابوەوە. دوو ئەسپ لە تەویلە وێستابوون. ڤێرا ئاماژەی کرد بۆ ماینێکی قاوەیی و گوتی «ئەمە ویلدا»یە. دوایە ئەسپێکی کاڵی کەڵەگەتی قەڵەوی نیشاندا و گوتی«ئەمەش لوورڤاس»یە

ئێلا فڕیدا چووە پێشەوە دەستی بە پشتی ئەسپەکاندا هێنا. بەڵام دانێ بە پارێزەوە لە دوورەوە وێستابوو. ڤێرا لە دانێی پرسی «تۆ دەتەوێ سواری کامیان بی؟» دانێ گوتی «نازانم، ڕەنگە ئەو ئەسپە قەڵەوە»

ڤێرا گوتی «ئەها، لوورڤاس، حەزدەکەی سواری لوورڤا بی؟»

دانێ گوتی «بەڵێ، ڕەنگە ڤیلدا کێوی بێ»

ڤێڕا گوتی «هەردووکیان ڕامکراو هێدین»

دانێ بڕیاری خۆی دا و گوتی«هەرچۆنێبێ من سواری ئەو ئەسپە دەبم پێم وابێ بەپەلە غار ناکا»

ڤێڕا پێکەنی و گوتی«ئەوندەش خاترجەم مەبە لووەڤاس ئەگەر گەرەکی بێ لە پڕێکدا تێهەڵدەکاتە غاردان»

دانێ لەبەر خۆیەوە«ڤێڕا مەبەستی چییە؟ لە ناوەکەی ڕا دیارە کە ڤیلدا لە هەموویان کێویترە»

ڤێڕا ئەسپەکانی زین کرد و بردنی بۆ بەر سەکۆی سوار بوون. یارمەتی دانێی دا و سواری کرد. دانێ لە دنێ بە پەشۆکاوی، ڕوانییە دەوروبەری خۆی.

هەور بوو. بای دەهات. هەوری ڕەش بەسەر دارەکانەوە دەیشریخاند. ڤێڕا چاوێکی گێڕا و دانێی و چوو بۆ لای ئێلا فڕیدا. ئێلا فڕیدا پێویستی بە یارمەتی نەبوو. ئەو دەچوو بۆ فێرگەی ئەسپ سواری. بەو جۆرەی کە لەگەڵ برازۆک ئاشنابوو لەگەڵ ئەسپیش هەروا ئاشنایە.ئێلا فڕیدا بە نەرمی خۆی هاویشتە سەر پشتی ئەسپەکە.رکابەکانی کورت کردوە و هەوسارەکەی گرت و ئامادەبوو دەسبەجێ ئەسپکە تاودا بۆ مەیدانی غار غارێن. ڤێڕا گوتی ئافەریم ئێلافڕیدا! ئێمەش لەگەڵ

لوورڤاس دێن بە دواتدا. ئەوەی گوت و هەوساری ئەسپەکەی گرت و ڕایکێشا بەدوای خۆیدا. دانێ لەسەر ۆەسپەکە خۆی ڕاستکردەوە و. . .



تا ئەو جێگایە کە ڤێرا هەوساری ئەسپەکەی گرتبوو، لە مەیدانیڕمبازێن ڕایدەکێشا هچ ڕووی نەدا. کاتێک چەن دەور گەڕان، ڤێرا گوتی ئێستا من هەوسارەکە بەردەدەم تۆ خۆت لێخوڕە. منیش لە نێوەڕاستی مەدانەکە دەوێستم و ئاگام لێتە.

دانێ گوتی دەی باشە وادەکەین.

بەڵام هەرکە ڤێرا دوورکەوتەوە لوورڤاس مانیگرت و قەپاڵێ لە گیای ئەملاو لای دادەگرت و کایەی دەکرد. هەڵبەتە برسیشی بوو!



ڤێرا بانگی کرد دانیّ! ئاوزەنگی لێدە!

دانیّ دەیزانی یانی چیبکا.چونکە ئێلا فڕیدا فێری کردبوو. یانی بەپاژنەی پای لە قەبرغەی ئەسپەکەبدە. جا ئەسپەکە تێدەگا کە دەبیّ بڕوا. دانیّ بەهێواشی پاژنەی دا لە قەبرغەی ئەسپەکە، بەڵام لوورڤاس لەجێی خۆی نەبزووت و لە قوڕوچڵپاوەکە نەهاتە دەریّ.

ڤێرا قیژاندی دانیّ بەجدی لێخوڕە!

دانیّ بەتوندی ئاوزەنگی لێدا.کەچی هیچ ڕووینەدا. لوورڤاس قەپاڵێکی دیکەی لە گژوگیاکە گرت. ڤێرا بە ڕاکردن گەڕاوە

دانیّ لە ڤێرای پرسی ئەسپەکە ئەمڕۆ ئاڵکی خواردووە؟

ڤێڕا گوتی بەڵێ تێروپڕی خواردووە. دەنگیدە یاڵلا لوورڤاس غاردە!

لوورڤاس سەری هەڵێنا و چاوی زەق کردەوە. بەڵام هێدی کەوتەڕێ. بە دەوری مەدانەکەدا دەوران دەور گەڕا. لە پێش ئەوانەوە ڤیلدا هێواش و خاترجەم دەڕۆیی. ئێلا فڕیداش جار بە جار ئاوڕی ئەداوە و دەست بۆ دانێ ڕادەوەشاند. کەچی دانێ هەستی دەکرد نگەرانە. لە پڕێکدا لوورڤاس مانی گرتەوە. ئەمجارە ڤێڕا ئاگای لێنەبوو. ئەو لە نێوەڕاستی مەیدانەکەدا وێستا بوو ڕووی کردبووە ئێلا فڕیدا. ئەویش لە نەرمە لۆقە کردن ماندوو ببوو. دەستی کرد بە نەرمەغار. دانێ پێخۆش بوو بە ئارامی لەسەر پشتی ئەسپەکە دانیشێ. گوێ نەدا بە بایەکە. ئەوکاتە بوو کە ئەمڕووداوەیە پێش هات. لە دواوە خشە خشێک هات. کیسەزبلێک بەدەم باکەوە دەسووڕاوە .



لوورڤاس سەری هەڵێنا و گوێی خست بە پشتدا. لەپڕێکدا لەغاری دا. ئەسپ ئەگەر شتێکی چاوەڕوان نەکراو ببینێ زۆر دە ترسێ. حەتا کیسە زبڵێک بە دەم باوە. دانێ لەسەر زینەکە خۆی قایم کرد. ئێلا فڕیدا قیژاندی دانێ جڵەوەکەی بکێشە! بەڵام دانێ جڵەوەکەی لە دسەت بەرببوو. پاشی لە ئاوزەنگی دەرچبوو. دانێ توانی بەگرژی خۆی بەسەر لوورڤاس ەوە بگرێ.بەڵام ئەسپەکە ڕەویکرد و سەرسمی دا و کەوت. دانێ وەک بفڕێ بەربوەوە. کەوت بە سەر تەپەیەکی ڕەقدا. لەوێ لەسەرخۆ چوو. چاوی لێکناو بێبزوە ماوە. ڤێرا زوو خۆی گەیاندی. دانێ دەیناڵاند. ڤێرا چۆکی دا سەر ئەدەکە و بانگی کرد دانێ گوێت لێیە؟ دانێ وەرتەی لێوەنەهات.



ئێلا فڕیدا ئەسپەکەی خۆی ڕاگرت، دابەزی و بەڕاکردن چوو بۆ لای ئەوان. ئێلا فڕیدا بە هەناسەبڕکێ گوتی هەر باشە دانێ مەلی نەشکاوە!

ڤێرا گوتی نا، ملی نەشکاوە بەڵام لەسەرخۆ چووە. ئێلا فڕیدا گوتی یارمەتی دانێ چاو هەڵێنە!

ڕاست لەودەمەدا دانێ چاوێکی هەڵێنا و هەوڵی دا هەستێ دانیشێ، بەڵام ڤێرا نەیهێشت و گوتی لە جێی خۆوت مەبزووا!



ئێلا فڕیدا بە دانێی گوت دەزانی لە هەوادا تەقڵەیەکت لێدا!

دانێ چاوی لە ئێلا فڕیدا کرد و بەزەبوونییەوە پرسی بەڕاستە تەقڵم لێدا؟

ئێلا فڕیدا گوتی بەڵێ توانیت تەقڵەت لێدا.

ڤێرا لە دانێی پرسی حاڵت باشە؟

دانێ ڕوانییە دەوروبەری خۆی و چاوی لە لوورڤاس دەگێڕا، لوورڤاس بە بای خەیاڵیشیدا نەدەهات چی ڕوویداو. دەسووڕاوە و دەلەوەڕی

دانێ هەوڵی ئەدا هەستێ، بەڵام ڤێرا گرتی و داینیشاندەوە.

ڤێرا بە دانێی گوت تۆ دەبێ لەجێی خۆت نەبزووی! هاتوو مێشکت شڵەقابێ! چاکەتەکەی خۆیی بۆ دانێ کرد بە سەرین و گوتی ڕاکشێ!

دانێش ڕاکشا و سەری کردە سەر چاکەتەکە.

لەو سەفەرەدا دانێ پێویستی بەوە بوو ڕاکشێ و تەماشای ئێلا فڕیدا و ڤیلدا بکا کە لەدوریان دەسووڕاوە.



ئێلا فڕیدا ئەنوند جوانی وێرغەی بە ڤیلدا دەکرد، مرۆڤ حەزی دەکرد سەیری کا و کەیف بکا.

دانێ ئەهۆن و لەسەر خۆ تەماشای دەکرد.

دیارە نە دانێ خۆی و نە کەسی دیکە هیچی بۆ باوکی نەگێڕاوە کە چی بەسەر دانێ هاتبوو. ڤێراش نەیوێرا بیریش لەوە بکاتەوە کە چی بە سەر دانێ هاتبوو. چۆنی دەتوانی ئەم بەسەرهاتە بۆ گیانی دەسگیرانی بگێڕێتەوە؟

کاتێک گیانی هاتەوە ماڵێ و پیکەوە لە دەوری مێزی شێوخواردن دانیشتن ئەودەم وێڕای و بڕیار دا ڕووداوەکە چۆن بوو بۆ گیانی بگێڕێتەوە. بەڵام

هەل هەڵنەکەوت. لە پڕێکدا زڕەی زەنگی درگا هات. کێبوو کە هات؟ باوکی دانێ گوتی دا ڕۆڵە درگابکەوە!

# کاتی دیدار یەکدی دەبینین – بەشی ١٥

لە سەر پلیکانەکان باوەگەورە و نەنکی دانێ وێستا بوون. سڤانتەی پوورزای دانێشیان لەگەڵی بوو. باوەگەورە گوتی «ئێمە هاتوین بۆ ئەحواڵپرسی باوکت.

دانێ بە سەر ئاماژەی کرد «ئەوەتا لەوێ دانیشتووە. باوکی دانێ دەنگی دەهات لەگەڵ ڤێرا بە سرتە قسەی دەکرد.



نەنکی دانێ پرسی «کەسێکی دیکەش لێرەیە؟»

دەنگێک گوتی بەڵێ. نەنک و باوەگەورەی دانێ تەماشای هاڵەکەیان کرد نەنکی چاوی دەرپەڕی. بەڵام باوەگەورەی گەشاوە. سڤانتە پرسی «ئەو بۆنە خۆشە

چی بوو؟» باوکی دانێ گوتی «ئەوە ڤێرا یە گۆشتی مریشکی سوور دەکاتەوە، وەرنە ژووریَ لێی بچێژن!»



باوەگەورە چەن سەندەڵی هێنا. ڤێرا دەوری و کەوچک و چنگاڵی بۆ سێ کەس لە سەر مێزەکە دانا. باوکی دانێ بە کارد گۆشتی مریشکەکەی بڕی. هەرکەس دەوری خۆی بە دەستەوە گرت. بەڵام لەو کاتەدا کە باوکی دانێ گۆشتی دابەشکرد. دانێ دەورییەکەی خۆی کێشاوەوە. ..

باڵەمریشکەکە کەوتە سەر مێزەکە. باوکی دانێ سوور هەڵگەڕا. گوڕاندی بە سەر دانێدا«دانێ ئاوا نابێ!»

فرمێسک بە چاوەکانی دانێ دا وەک کانیاو هەڵقوڵی.

ڤێرا گوتی«دەی شتێکی خەتەرناک نەبوو!» باڵەکەی لە سەر مێزەکە هەڵگرتەوە. گوتی «من دەچم گەنمەشامەی بۆ دانێ گەرم دەکەمەوە»

هەرکە ڤێڕا چوو بۆ ئاشپەزخانە نەنکی دانێ دەستی پێکرد:

«گیانی ئەوە بۆچی لێرەیە؟ زوو لێرەی وەدەری نێ! نازانی دانێ دەیەوێ بە تەنیا لەگەڵ باوکی بێ!»

باوکی دانێ گوتی «پێم وانییە وابێ. دانێ بە ڕاستی ئەم بەیانییە لەم بارەیەوە قسەمان نەکرد؟مەگەر تۆ پێتخۆشە نییە ڤێڕا هاتووە بۆ ئێرە؟»

دانێ چاوی بڕیبووە لکەیەک لە سەر مێزەکە.

نەنکی بە دڵپڕییەوە گوتی«من پێم وانییە ئەمەی تۆ دەڵێ وابێ»



دانێ فینگە فینگێکی کرد و گوتی «چۆن بتوانم خۆشحاڵبم!»

نەنکی گوتی «ڕاستدەکا چۆن خۆشحاڵ بێ!»

دانێ دووباره گوتی«چۆن بتوانم خۆشحاڵبم کاتێ ئێلا فڕیدا ناڕەحەت بێ؟»

باوەگەوره پێی سەیر بوو گوتی «ئێلا فڕیدا!»

باوکیشی پێی سەیر بوو، گوتی «ئێلا فڕیدا هەقی چییه بەم مەسەلەیەوە؟ بەڵام هیچیان لە مەسەلەکە تێنەگەیشت بوون.

دانێ ئەوانی بە جێ هێشت چووە ژوورەکەی خۆی و درگاکەی لە سەر خۆی داخست.

## کاتی دیدار یەکدی دەبینین ــ ١٦

بەرازۆکەکان «بەفرە» و«کلوو» لە زرمەی درگاکە داچڵەکین. دەستیان کرد بە فیکە فیک. وادیار بوو تووشی کێشەیەک هاتبوون! دانێ بە زمانی بەرازۆکەکان گوتی«مەترسن»درگای قەفەسەکای کردەوە و هێنانیە دەرێ. گیرفانەکانی خۆی پشکنی شتێک پەیداکا و بیانداتێ. بەڵام دەنکێکیش تۆوی چنگ نەکەوت. تەنیا چنگێک کاغەزی نوقڵە ژاپۆنی نەبێ. هەر وەها ملوانکە هاوبەشەکەی خۆی و ئێلا فڕیدا.



دانێ بە بەرازۆکەکانی گوت«ڕەنگە بتانەوێ بۆتان بگێڕمەوە لە باخی ئاژەڵان چی ڕوویدا. ئێوە تەنیا ئەو زیندەوەرانەن پێتان خۆشە بزانن ژیانی من چۆنە!»

بەرازۆکەکان گوێیان قوتکردەوە. بەڵام هیچی دیکەیان نەبیست. دانێ بێدەنگ بوو و گوێ دابوو ژووری دانیشتن.

دەنگی نەنکی و باوکی دەهات، شەڕە قسەیان بوو. دانێ بە ئەسپایی چوو بۆ لای درگاکە و کردیەوە. گوێی لێبوو باوکی دەینەڕاند «ئێلا فڕیدا، ئێلا فڕیدا. دانێ هەرگیز گوێم لە شتێکی دیکە نابێ بێجگە لە ناوی ئێلا فڕیدا!»

نەنکی گوتی«شتێکی سەیر نییە، دانێ کێی هەیە تەنیا باوەگەورە و من نەبێ! و باوکێک کە وەکوو شێتۆکە هەڵسوکەوت!» باوەگەورە دەیویست نەنکی و دانێ ئەهۆن کاتەوەگوتی «گیانی مەبەستێکی خراپی نییە! ئەو عاشق بووە و تۆزێک شێتە!»

«سڤانتە» هەڵیدایە گوتی «ئەی منچی منیشی هەیە»

باوەگەورەی گوتی«هەڵبەتە هاوپۆلەکانیشی»

نەنکی بەم قسانە ڕازی نەدەبوو. بە تووڕەییەوە گوتی«کامانە دۆست؟ مەبەستت ئەو هاوپۆلە لاسارانیەتی کە لە پەستا و نقورچکی لێدەگرن»



دانێ دووباره درگاکەی پێوەدا. بەڵام زۆری پێنەچوو سڤانتە کردیەوە. پرسی بۆم هەیە بێمە ژوورێ؟ دەمەوێ بزانم ئێلا فڕیدا بۆچی نارەحەتە!

دانێ گوتی «چونکە هاوپۆلەکانی زۆر بەدفەڕن. و مامۆستاکەشی دەڵێ ئێلا فڕیدا شێتە!»

سڤاتنە پرسی «جا، وانییە؟»

دانێ گوتی «بەڕاستی وانییە. بەڵام ئەگەر فریای نەکەون وای لێدێ!» سڤانتە تێنەگەی. لە ڕاستیدا نەیویست تێبگا. ئەو تەنتا ئەوەی دەویست کە دانێ لەو حاڵە دەربێنێ و بێتە لای ئەوانیدیکە دانیشێ. گوتی «با تەلەفۆن بکەین بۆ زرباوکی ئێلا فڕیدا» ئەوەی گوت و تەلەفۆنەکەی لە گیرفانی دەرهێنا. و گوتی «ئۆڤە» هەموو کارێک جێبەجێ دەکا. بابزانم ژمارەکەیم هەیە.



دانێ چەناگی شۆڕ کردەوە.«تۆ تەلەفۆنی لەگەڵ ئەو قسە دەکەی؟»

سڤانتە گوتی «بەڵێ»

دانێ پرسی «زوو بە زوو تەلەفۆنی قسە دەکەن؟»

سڤانتە گوتی «دوو سێ جار لە ڕۆژدا. ئێمە دۆستین».

دانێ پێی سەیر بوو گوتی «ئەێ ئاوا!»

دۆستایەتی ئۆڤە و سڤانتە بەم شێوەیە دەستی پێکرد. سڤانتە بۆی هەبوو سواری بەلەمەکەی ئۆڤە بێ. دوای ئەو جارە لە هاویندا لە دوورگە بوون. سڤانتە ئۆڤەی بە دۆست خۆی دەزانی. سڤانتە ژمارە تەلەفۆنی لە ئۆڤە وەگرتبوو. بەڵام دانێ خەبەری لەو کەین و بەینە نەبوو. هەر وەها پێکەوە داوی ڕاوە ماسیان دادەنا. سڤانتە

پەنجی نا بە دوگمەی تەلەفۆنەکەیدا و خستییە سەر بڵندگۆکەی. دنگی ئۆڤە هات گوتی سڵاو سڤانتە! لە مێژە خەبەرت نییە؟ ئەوە چەند ساعەتە تەلەفۆنت نە کردووە!

سڤاتە گوتی «بەڵێ وایە فریانەکەوتوم»

ئۆڤە پرسی «شتێکی تازە ڕووی داوە؟»

بەڵێ وادیارە دانێ و ئێلا فڕیدا لە باخی ئاژەڵان یەکدییان دیوە. گوتوویە لەوانەیە شێتبێ! ئۆڤە هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی «پۆلەکەی باشنییە» سڤانتە پرسی «ناتوانی کارێکی بۆ بکەی؟»



ئۆڤە گوتی «هەوڵێ خۆمداوە»

سڤانتە پرسی «لەگەڵ مامۆستاکەی قسەت کردووە؟»

ئۆڤە گوتی «هەم خۆم و هەم دایکی ئێلا فرێدا قسەمان لەگەڵ کردووە. بەڵام مەسەلەکە وەک خۆیەتی!»

سڤانتە گوتی «دەبێ قوتابخانەکەی یان پۆلەکەی بگوێزنەوە. من وامکرد ئێستا باشترە.

ئۆڤە گوتی «پێتوایە ئەگەر وابکەین باشترە؟»

دانێ بە سەر لەقاندن گوتی بەڵێ.

باشە بەڵام هەموو ئەو کارانە زەمانی دەوێ. تا ئێستا هیچمان بۆ نەکراوە!

دانێ کوتوپڕ ئیدەیەکی بە زەیندا هات. بێ دەنگ بوو. تا سڤانتە و ئۆڤە قسەکەیان تەواو بوو. بەپەلە گەڕاوە بۆ ژووری دانیشتن . . .

## کاتی دیدار یەکدی دەبینین – بەشی ١٧

گوشاری کەشوهەوای دەوری مێزەکە سەنگین بوو. ڤێرا ش لە ژوورەکە نەمابوو. ئەرێ ڤێرا لە کوێیە؟ باوکی دانێ خۆی درێژ کرد بۆ لای دانێ و گوتی«وەرە! لای باوکی خۆت دانیشە! لەمێژە کچی خۆم لە باش نەگرتوە» دانێ خۆی کێشاوە، بەڵام باوکی کێشای بۆ لای خۆی و گوتی «نەنکت دەڵێ خەتای منە تۆ خۆشحاڵ نیت!»

دانێ قیژاندی «بەرمدە! خۆی لە دەست باوکی ڕاپسکاند» هەڵات چوو بۆ ئاشپەزخانە. دیتی ڤێرا لەوێیە و خەریکە قاپ و کەوچ و چنگاڵە شۆدراو لەسەر جێگای خۆیان دادەنێ.



دانێ ڕاستەوخۆی پرسی«ڤێڕا دەتوانی چاکەیەکم لەگەڵ بکەی؟»

ڤێڕا دەوریکەی بە دەستوە بوو نایە سەر جێ خۆی بە تۆراوی گوتی «چاکەی چیت لەگەڵ بکەم؟»

دانێ گوتی «دەتوانی من و ئێلا فڕیدا لەگەڵ خۆت بەری بۆ ماڵی خۆشکت. لەوێ سواری ئەسپەی ئیسلەندی بین؟»

ڤێڕا، هەرکە ئەمەی بیست لەوانەبوو دەوریەکەی لە دەست بەربێتەوە. بەڵام ئازا گرتییەوە. دووبارە دایەوە بەر ئاوەکە. لە دانێی پرسی «بەڕاستە دەتەوێ دووبارە غارە ئەسپ بکەی؟»

دانێ گوتی «من نا. بەڵام ئێلا فڕێدا پێی خۆشە. من تەنیا تەماشادەکەم.

ڤێڕا شێری ئاوەکەی گرتەوە. دەورییەکەی نا ئەولاوە و گوتی«ئەهای تێگەیشم دەتەوێ ئێلا فرێدا خۆشحاڵکەی» دانێ گوتی «بەڵێ، تۆش خۆشحاڵ دەبی؟» ڤێڕا بیری کردەوە، خۆشم دەمەوێ ڕۆژی شەممە سەرێک لە خوشکم بدەم. کەمێکی دیکە تێفکری و گوتی«زۆر باشە، خۆتان سازکەن. ئێستا خواحافیز»



دانێ ڕەنگ و ڕووی گەشاوە. بە ڕووخۆشییەوەگوتی«زۆر سپاس ڤێڕا!» نازانی ئەم کارە بۆ من زۆر بەبایەخە. دانێ باڵی هەڵماڵی و یارمەتی ڤێڕای دا لیوان و ئاوخۆریەکانیان وشک کردەوە و لەسەر جێ دایان ناوە. ڤێڕا لە پێشادا گەنمەشامی بۆ دانێ گەرم کردبووە. دانێ دانیشت دەستی کرد بە گەنمەشامی خواردن.

## کاتی دیدار یەکدی دەبینین- بەشی ١٨

نۆرەی مەزە خواردن بوو. بەستەنی میوەیی بە سۆسی شەگەلات. باوکی دانێ وەبیری هێنانەوە«بۆتان نەگێڕامەوە گەشت و سەیران و ئەسپی سواری ئەسپی ئیسلاندی چۆن بوو!»

ڤێرا گوتی «دەمانەوێ بەم زووانە بچین بۆ ئەوێ»

باوکی دانێ بەسەر سووڕمانەوە«دەتانەوێ بچن بۆ ئەوێ؟ وادیارە خۆش گوزەراوە!»

دانێ گوتی «ئێستا بەستەنی دەخۆین!»

باوکی لاسای کردەوە گوتی «ئاوا، بەستەنی دەخۆین!»



سڤانتە مەتەڵۆکی داهێنا «ئەوە چییە هەموو کەس دەتوانێ بیبینێ، بەڵام ناتوانێ بیگرێ؟»

ڤێرا گوتی«ئەوە دووکەڵە»

سڤانتەگوتی«دروستە» ئەی ئەمەیان چییە«چکەسێک هەموو تۆپەکان دەگرێتەوە؟»

دانێ گوتی «باوەگەورەم»

سڤانتە گوتی«نا، هەڵەیە»

ڤێرا گوتی«دیوار»




سڤانتە گوتی«دروستە» ئەی ئەم مەتەڵە «چکەسێک زۆرترین سەفەری دەوری گۆی زەوی کردووە؟»

باوکی دانێ قسەکەی پێبڕین. دەیویست بزانێ مریشکەکە خۆش بوو!

نەنکی دانێ گوتی«بەڵێ کەم خراپ نەبوو» ئەمەی گوت ڕۆژنامەیەکی کۆنە بە زمای ئیتالیای لەسەر مێزەکە داندرا بوو، هەڵیگرت و لاپەڕەکانی هەڵدانەوە. نەنکی دانێ خەریک بوو زمانی ئیتالیایی فێر دەبوو. بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ دانێ سەفەر بکا بۆ «ڕۆم» و دایکی باوکی دانێ و خزم و کەسی لە نزیکەوە ببینێ.

باوەگەورە گوتی«گوشتی مریشکەکە نایاب بوو» ئەمەی گوت و تەلەڤزیونەکەی هەڵکرد کە گوێ لە خەبەر بگرێ.

دانێ گوتی «گەنمەشامییەکە زۆر خۆش بوو. خۆشترین گەنمەشامی کە تا ئێستا خواردوومە»

سڤانتە مەتەڵۆکەکەی وەبتر هاتەوە. «پرسی چکەسێک زۆرتر سەفەری دەوری گۆی زەوی کردووە؟»

ڤێڕا گوتی «مانگ»

سڤانتە گوتی «ئەمجارەش دروستت جواب داوە»

باوکی دانێ بە خۆشحالییەوە قیژاندی ئافەریم ڤێڕا!

دانیّ خەبەری نەبوو .ڤێڕا و سڤانتە لە پێشدا جوابی مەتەڵەکانیان لە سەر پاکەتی شیر خوێندبووەوە. ئەوان پێیان وابوو ڤێڕا لە وان زۆر زیرەکترە!

## کاتی دیدار یەکدی دەبینین – بەشی ١٩

چەن چرکە دوایی هەموو میوانەکان ڕۆیشتن. ڤێرا ش لەگەڵیان رۆیی. دانێ لەگەڵ باوکی بە تەنیا مانەوە.

باوکی گوتی«هەرچۆنێک بوو، بە خێر گوزەرا. دانێ پێتوانییە؟»

دانێ چاوی بڕیبووە سووتانی مۆمەکەی سەرمێزەکە. سەری هەڵێنا و پرسی«چی بەخێر گوزەرا؟»

باوکی گوتی «مەبەستم لەگەڵ ڤێرا»

دانێ گوتی «ئەها، من وامزانی مەبەستت گەنمەشامییەکەیە»

باوکی پرسی «تۆ، ڕات لەگەڵ من نییە؟»

دانێ هەر وەکوو نەنکی دەیگوت، گوتی«بەڵێ وایە»

باوکی بێدەنگی لێ کرد.

ماوەیەک هیچ دەنگێک نەدەبیسرا، بێجگە لە دەنگی ڕادیوکە؛ کە لە ئاشپەسخانە بۆخۆی قسەی دەکرد. لەپڕێکدا دانێ «پرسی ئەی دایکم؟»

باوکی گرژ بوو!

دانێ پرسی «ئەی داکمت لە بیر چوەتەوە؟»

باوکی گوتی«چۆن بتوانم لە بیرم بچێتەوە؟»

دانێ گوتی «بەڵام تۆ ڤێراt خۆش دەوێ»

باوکی گوتی«بەڵێ ڤێرام زۆر خۆش دەوێ»



باوکی لە جێی خۆی هەستا. دانێ بە چاوی خۆی دیتی، باوکی فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتە خوارێ. باوەکوو دایکی دانێ پێنج ساڵ لەوەپش مردبوو. کەچی ئێستاش هەردەم باسی دایکی دانێ دەهاتە گۆڕێ، باوکی بەکوڵ دەگرای و فرمێسکی دەڕشت.

«گیانی» یانی باوکی دانێ، بە شەلەشەل لە ژووری دانیشتن دەرکەوت. دانێ چوو لەسەر مۆبلەکە لە نزیک پشیلەکەیەوە ڕاکشا. دەستێکی بە سەر پشتی پشیلەکەیدا هێنا و ئاخێکی هەڵکێشا. لە دڵی خۆیدا دیگوت «چۆن بتوانم ئێلا فڕیدام لە بیر بچێتەوە!»

پشیلەکەی بە ماناوە تێدەڕوانی! دانێ گوتی «من تۆم خۆش دەوێ. بەپەلە جارێکی دیکەش گوتی بەڵێ زۆرم خۆشدەوێی»

لەسەر مۆبلەکە خۆی درێژ کرد. کەوتە بیرکردنەوە، بیری لەوەکردەوە هۆنراوەیەک بۆ ئێلا فڕیدا بنووسێ. دانێ جاری واهەیە کاری وادەکا. کورتە هۆنراوەیەک بە زەیندا هات: بۆ ئێلا فڕیدا.

«ئێلا فڕیدا، ئێلا فڕیدا!تۆ گوڵی ڕۆژی منی

تەنیا تۆ ناشاد مەبە، ئەودەم من دڵشادم

بەڵام ئەگەر تۆ خەمباربی، من

تێک دەشکێم. دەبم بە هەزار لەتەوە»

کەمێک تێڕاما، هۆنراوەکەی سەرەوای نەبوو. بەڵام دانێ ڕازی بوو. چونکە لە دڵیەوە هەڵقوڵی بوو.



دانیٚ خەریکی نووسین بوو، تەلەفۆن زەنگی لێدا. ئێلا فڕیدا بوو. گەڕبووەوە بۆ نۆرشۆپینگ. دەیویست لەگەڵ دانیٚ قسەبکا. بەڵام چونکە ئێلا فڕیدا بەکوڵ دەگریا، دانیٚ باش حاڵی نەدەبوو. ئێلافڕیدا گوتی «من دەمەویٚ تەنیا ئەوە بڵێم گەنجەکەمانیان دەرهێناوە!»

دانیٚ لەسەندڵیەکەیدا لە نزیک مێزی تەلەفۆنەکە نوقوم بوو. وقاقا پێکەنی گوتی دەزانم.

ئێلا فرێدا ژیر بووەوە و پرسی «چۆن دەزانی؟»

دانیٚ گوتی «خۆم دەرمهێنا»

چەن چرکەی پێچوو تا ئێلا فڕیدا تێگەیی. کە تێگەیی زۆری پیٚ سەیر بوو. واقی وڕما بوو. هەر دەتگوت تازە باران خۆشی کردووەتەو و پەلکەزێڕینە دەرکەوتووە. گوتی «کارێکی باشت کردووە». ئێلا

فڕیدا جۆرێ چڵمەکەیی هەڵلوشی کە دەنگی لە گوشی تەلەفۆنەکەدا گوێی دانێی کپ کرد. دوایە پرسی کەی یەکدی ببینین؟



دانێ لە پێشدا دەیزانی چۆن جوابی بداتەوە.گوتی «رۆژی شەممە، دەتوانین لەگەڵ ڤێرا بچین بۆ لای ئەسپە ئیسلەندییەکانی خوشکی ڤێرا»

ئێلا فڕیدا لە خۆشییان وەک ئەسپ حیلاندی. و گوتی «باشە تا ئەودەم تامڵم هەیە»

دانێ پرسی «مەبەستت لەگەڵ هاوپۆلەکانتە؟»

ئێلا فڕیدا گوتی«لەگەڵ هەمووکەس. من تەنیا ئەوەم دەوێ کە لە نزیکەوە تۆ ببینم. دانێ گیان سپاس بۆ تۆ منت رزگارکرد»

دانێ گوتی «جا، ئەوەچییە قابیلی تۆی نییە» شەو خۆش!

ئێلا فڕیدا «خەو خۆش»

## کاتی دیدار یەکدی دەبینین – بەشی ٢٠

دانێ جلەکانی داکەند. خۆی شۆرد. کراسی خەوی لەبەرکرد. لە سەر تەختە خۆشخەوەکەی ڕاکشا و بزەی دەهاتێ. کاتێک باوکی هاتە دیوەکەی ئەو. گوتی«مەسەلەیەک نییە کە ئەمرۆ ڤێرا لێرە بوو»

دانێ گوتی«ئەمجارە قەیناکا. دەت بەخشم»



باوکی گوتی«سپاس دانێ گیان» پەتوی قەفەسەی بەرازۆکەکانی داداوە. هات بڕوا، وەبیری هاتەوە پرسی«لە باخی ئاژەڵان چۆنت بۆ گوزەرا؟»

دانێ گوتی«باش بوو، ئێلا فڕیدام لەوێ دیت»

باوکی مووی لەشی گرژ بوو«ئێلا فڕیدا و ئێلا فڕیدا. بەڕاستی پۆلەکەی ئێوە چەن منداڵی دیکەی لێیە؟»دانێ گوتی «بیست و دوو. بۆچی؟»


باوکی گوتی«تۆ دەتوانی لە نێوان ئەواندا لەگەڵ یەکێک لەوانە ببیتە دۆست!»

دانێ باوێشکی دا و گوتی«بەڵێ چاکیش دەتوانم. بەڵام بۆ من نابێتە باشترین دۆست»

باوکی گوتی«دانێ تۆ تێناگەی تۆ و ئێلا فڕیدا دوور لەیەک دژین. زەحمەتە بتوانن زوو بەزوو یەکدی ببینن» لەو کاتەدا گووشییەکەی زەنگی لێدا! گوتی«کەمێک سەبر کە!» ڕۆیشتە ژووری دانیشتنی ڕۆژانە.

دانێ باڵی درێژ کرد پەتووی سەر قەفەسەی بەرازۆکەکانی لادا. بە سرتە گوتی«گوێتان لێیە؟ هەمیشە من و ئێلا فڕیدا لە یەک جیا دەکەنەوە» بەڵام ناتوانن ئێمە هەر چۆنێکبێ یەکدی دەبینین.

بەرازۆکەکان فیکە فیکیان دەکرد. ئەگەر مرۆڤ بزانێ کاتێک بەختەوەرە یانی بەختەوەرە. بەرازۆکەکان لە یەکدییان دەپرسی«باسی چی دەکا؟»



بەرازۆک دەزانن خۆشحاڵی و بەختەوەری چۆنە؟ مرۆڤ بە تریفەی چاوەکانیاندا دەزانێ.

دانێ بە بەرازۆکەکانی گوت«شەو خۆش»دووبارە ڕاکشا و چاوەڕوانی باوکی ماوە. لە خۆی دەپرسی«نازانم باوکم بۆ چی ئەوندە قسە دەکا!»

باوکی هاتەوە. گوتی «ڤێرا بوو! ئەو پێی وایە کە من ئەمڕۆ لەگەڵ تۆ باشم رەفتار نەکرد»

دانێ چاوی قوچاند. لە زەینی خۆیدا «بۆ دەبێ باوکم ئەوندە لەم بارەوە قسە بکا!من ئەوم بەخشیوە» بەڵام باوکی لە سەری دەڕۆیی! ئەو بە جارێک تێکشکابوو. بە شێوەیەکی پاڕانەوە گوتی «من مەبەستم وانەبوو. من هەرگیز نامەوێ تۆ ناڕاحەتبی. تۆ خۆت دەزانی کە من چەندم تۆ زۆر خۆش دەوێ»

بەڵام دانێ گوێی نەدەدایە. ڕۆژێکی درێژی تێپەڕ کرد بوو. ماندوو بوو. دەیویست بخەوێ.

کاتێک باوکی زانی گوێی ناداتێ وازی لێهێنا و شەو بە خێری پێگوت و هەرکەس بۆ خۆی.

باوکی لە بەر خۆیەوەدەیگوت«نازانم بۆچی وا کەم تاقەتم!»

دانێ گوتی «باوکە بچۆ بخەوە!» ئەوەی گوت و وەک پشیلەکەی خۆی گرمۆڵە کرد.

باوکی لامپاکەی کوژاندەوە و ڕۆیی.

دانێ لە بەرخۆیەوە گوتی«شەو بە خێر ئێلا فڕیدا. ئۆخەی ئێستا دەتوانم بخەوم» «کاتی دیدار یەکدی دەبینین»مەبەستم ڕۆژی شەممەیە.

دوایی تێڕاما و بیری دەکردەوە. تا ئەودەم تامڵ دەکەم. هەموو شتێک قەبووڵ دەکەم. دوای ئەوە خەو بردییەوە.



کۆتایی بەشی پێنج